# ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی

## ڕاپۆرتی ساڵانە

## ٢٠٠٤

**یەکەم: پێشبڕکێی شیعریی بۆ خوێندکارانی ئامادەیی**

**ڕێکخەر:** مەهدی عەلی صوفی.

**ماوەی پێشبڕکێ:** (١/٣ – ٢٠٠٤/٦/١٩).

**توێژی مەبەست:** خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی.

**شوێنی چالاکی:** سلێمانی و دەوروبەری.

**ژمارەی بەرهەمی بەشداربوو:** (١٣٨) هۆنراوە.

**ژمارەی بەرهەمی کچان:** ٩١.

**ژمارەی بەرهەمی کوڕان:** ٤٧.

**پوختە:** ئەم پێشبڕکێیە ناوەند بە ئامانجی هاندانی لاوان و خوێندکارانی بەهرەمەند بۆ زیاتر پەرەدان بە بەهرەکانیان ڕێکخست، ئەویش بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی ڕۆشنبیریی و پەروەردە، لیژنەی هەڵسەنگاندن بریتیبوون لە بەڕێزان (شاعیر فەرید زامدار، شاعیر خاتو کەژاڵ ئەحمەد، مامۆستا عەبدولڕەحمان ڕەشید). لە قۆناغی یەکەمی هەڵسەنگاندندا لە کۆی (١٣٨) بەرهەمی خوێندکاران (١٣) بەرهەم ریزبەند کران، دواتر لە ئاهەنگێکدا بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مەلا بەختیار بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول و چەندین کەسایەتی و ڕێکخراو لە ئێوارەی (٢٠٠٤/٦/١٩) لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان (١٣) خوێندکاری یەکەم بەرهەمێکی شعریی دیکەیان پێشکەش کردو لە دوای هەڵسەنگاندن ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵات بەسەر خاوەنی دە بەرهەمی یەکەم و سێ قوتابخانەی یەکەم دابەشکرا.

**کاریگەریی:**

هەندێ لە خوێندگاکان لەناو خوێندنگەدا بۆ ناردنی بەرهەمە باشترەکان پێشبڕکێیان ئەنجامدا.

وەزارەتی ڕۆشنبیریی دوای ئەم پێشبڕکێیە خۆی پێشبڕکێیەکی هاوشێوەی بۆ شیعرو چیرۆک سازکرد.

**دووەم: پرۆژەی بە پرۆگرامکردنی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە سیستمی خوێندندا**

ئـەم پرۆژەیــە لــە (٢٠٠٤/١/١٠)وە دەسـتپێکردووەو جگــە لــە ناوەنـد (٦) رێکخـراوی ناحکومیی و هەردوو وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی مافی مرۆڤو ئاوارەو ئەنفال تیایدا بەشدارەو پرۆژەکە لە لایەن رێکخراوی (NPA)ی نەوریجیەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

لە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکەدا توانرا سێ پرۆگرام بۆ قۆناغەکانی (پێنجەمی سەرەتایی)و (یەکەمی ناوەندیی)و (چوارەمی ئامادەیی) ئامادە بکرێتو بە رەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان (ئیـدارەی سـلێمانی) پرۆگرامـەکان چـاپکرانو ئێسـتا لـە (١٨) خوێندنگەدا لە قۆناغی تاقیکردنەوەدایە.

وا بڕیـارە لـە قۆنـاغی داهـاتوودا پرۆگرامـەکان لـە سەرتاسـەری هـەرێمی کوردسـتاندا تاقیبکرێنـەوەو پرۆگرامـەکان وەگێردراونەتـە سـەر زمـانی عـەرەبیش تـا لـە ناوچـەکانی تـری عێراقیشدا تاقیبکرێنەوە.

**سێهەم: گفتوگۆیەک بۆ هەڵسەنگاندنی دەستووری کاتی عێراق:**

(رێکخراوی پەیمانگەی کۆماری عێراق) بە هاوکاری (ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی) لە رۆژی (٢٠٠٤/٣/٤) لـە نووسـینگەی ناوەنـد لـە سـلێمانی کـۆڕیکی تایبـەت بـۆ گفتوگـۆکردنو هەڵسەنگاندنی دەستووری کاتیی عێراق سازکرد. کۆڕەکە تایبەتبوو بۆ کەسایەتیو نوێنـەری دەزگا حکومییو ناحکومییەکان.

**چوارەم: شانۆگەریی (گیانی لێبوردن):**

**بەڕێوەبەر:** (بورهان قەرەداغی).

**ئەکتەرەکان:**

- یوسف کەمال ئەحمەد.
- سەروەر مەجید محەمەد.
- راز شێرزاد.
- تریفە فایەق.
- ئەژین نوری.

**یەکەم نمایش:** (٢٠٠٤/٣/٣٠).

**دوا نمایش:** (٢٠٠٤/٥/١١).

**ژمارەی نمایش:** (٢٥) نمایش.

**ژمارەی بینەر:** (٧٦٦٠) کەس.

**شوێنی نمایش:** (سلێمانی، کەرکوک، خانەقین، چەمچەماڵ، دەربەندیخان، دوکان، عەربەت، سەیدصادق، قەرەداغ، چوارتا، تەیناڵ، ئەڵڵایی، ڕاپەڕین، تاسڵوجە، بازیان، پیرەمەگرون، باینجان، گۆپاڵە) .

**پوختە:** شانۆگەرییەکە لێدوان بوو لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەنێوان گەلانو ئایینو ئاراستە سیاسییە جیاوازەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ئەمەش لەمیانەی بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردنو دوورکەوتنەوە لە دەمارگیریی‌و توڵەی نایاسایی، هەروەها گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکان بۆ خاوەنەکانیان لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکاندا وەك سەرەتایەك بۆ چەسپاندنی دیموکراتیی‌و مافی مرۆڤ لە عێراقدا.

**کاریگەریی:**

- بڵاوکردنەوەی گیانی لێبوردنو هاندانی هاووڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆوە.
- ئەم شانۆگەرییە لەو ناوچانەی کە بارگرژیی مەزهەبیی‌و نەتەوەیی تێدایە پێشکەشکرا، ئەمەش کاریگەریی باشی هەبوو بۆ کەمکردنەوەی ئەو گرژییانە.

**پێنجەم: وێرکشۆپی مافەکانی مرۆڤ بۆ ڕێکخراوە (NGO)و ڕێکخراوەکان ژنانو خوێندکاران:**

**بەڕێوەبەر:** (مەهدی عەلی سۆفی) .

**وانەبێژان:**

- ئاسۆس هەردی.
- بەکر حمە سدیق.
- کنێر عبدوڵلا.
- هەڤاڵ ئەبوبکر.
- هەڵکەوت عبدوڵلا.
- شاهۆ سەعید.
- ڕەئوف حەسەن.
- حەسەن جەباری.
- سامان فەوزی.
- بەختیار حاجیعبدوڵلا.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٤/٥/١٦) .

**تەواوبوون:** (٢٠٠٤/٥/٢٠) .

**ژمارەی بابەت:** (١٠) بابەت.

**ژمارەی بەشداران:** (٤٢) نوێنەر.

**ناوچەی چالاکی:** (سلێمانی) .

**پوختە:** وێرکشۆپەکە بۆ بەرزکردنەوەی توانای ئەندامانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO، ژنان، خوێندکاران) بوو لە بوارەکانی (مافیمرۆڤ، دیموکراتیەت، کۆمەڵگەی مەدەنی)دا ئەمەش بۆ کاراترکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەو هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان سەبارەت بە مافەکانیان.

**کاریگەریی:**

- دروستکردنی کەشێکی ئازاد بۆ گفتوگۆو راگۆڕینەوە لەسەر گرفتە هەنوکەییەکان کە بەربەستن لەبەردەم چەسپاندنی دیموکراتیەتو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا.
- ڕێکخراوو لایەنە بەشداربووەکان داواکاریی ئەوەبوون لە ناوەند کە بەردەوامو بە شێوەیەکی دەوری ئەم وێرکشۆپانە ئەنجام بدات.
- بابەتە پێشکەشکراوەکان هەندە جێگەی سەرنجی بەشداربووان بوون، بە رادەیەك داوای بابەتە پێشکەشکراوەکانیان دەکرد بەشێوەیەکی نووسراو تا سوودی زیاتریان لێ ببینن.

## شەشەم: کۆمسیۆنی ناساندنی مافەکانی مرۆڤ:

**ڕێکخەر:** (بەختیار حاجی عەبدوڵلا) .

**ئەندامان:**

- ڕێکخراوی KVRA.
- ڕێکخراوی KEDO.
- ڕێکخراوی ASUDA .
- ڕێکخراوی CDO.
- ڕێکخراوی NWA.
- ڕێکخراوی SABAT
- ڕێکخراوی KCN.
- ڕێکخراوی CAMP.
- ڕێکخراوی KSDO.
- ناوەندی روناکبیریی خورمال.
- یەکگرتووی خوشکان.
- مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەلایەتی خانزاد.
- کۆمەڵەی هانای منالان .
- ناوەندی رۆشنبیریی بەدلیسی.

- کۆمسیۆن لە ساڵی(٢٠٠٤)دا بۆ ڕێکخستنو راپەڕاندنی کارەکانی ئەم کۆبوونەوانەی ئەنجامداوە:

| ژمارەی کۆبوونەوە | ڕۆژ | شوێن |
|---|---|---|
| حەڤدەهەم | ٢٠٠٤/١/١٨ | ڕێکخراوی NWA |
| هەژدەهەم | ٢٠٠٤/٢/١٦ | ڕێکخراوی ASUDA |
| نۆزدەهەم | ٢٠٠٤/٣/١٥ | ڕێکخراوی KCN |
| بیستەم | ٢٠٠٤/٤/١٥ | ڕێکخراوی ASUDA |
| بیستو یەك | ٢٠٠٤/٥/١٦ | ڕێکخراوی NWA |
| بیستو دوو | ٢٠٠٤/٦/١ | ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی |
| بیستو سێ | ٢٠٠٤/٩/١ | ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی |
| بیستو چوار | ٢٠٠٤/٩/٢٨ | ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی |
| بیستو پێنج | ٢٠٠٤/١٠/٣١ | ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی |
| بیستو شەش | ٢٠٠٤/١٢/١٣ | ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی |

## حەوتەم: پردی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکان:

ڕێکخراوی (ASK) بە هاوکاری (ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی)لە سلێمانیو (ڕێکخراوی عێراقی بۆ تەنسیقی مافەکانی مرۆڤ) لە بەغداد، زنجیرە (Workshop)ێکی بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوەکانی کوردستانو ڕێکخراوەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق ئەنجامدا، لەم (Workshop)انەدا زیاتر لە (١٥) ڕێکخراوی باشوورو ناوەڕاستی عێراق لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کوردستان بەشدارییان کرد.

**( Workshop)ی یەکەم:**

**ڕێکخەر:** بەختیار عەبدوڵڵا.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٤/٦/١٥.

**تەواوبوون:** ٢٠٠٤/٦/١٩

**ژمارەی بەشداربووان:** (٢٢) ڕێکخراو.

**شوێنی چالاکی:** سلێمانی.

**( Workshop)ی دووەم:**

**ڕێکخەر:** ئەیاد خالید.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٤/٧/١٠.

**تەواوبوون:** ٢٠٠٤/٧/١١

**ژمارەی بەشداربووان:** (٢٠) ڕێکخراو.

**شوێنی چالاکی:** هەولێر.

**( Workshop )ی سێیەم:**

**ڕێکخەر:** بەختیار عەبدوڵڵا.

**دەستپێکردن:** ٢٠٠٤/١٢/٢٨.

**تەواوبوون:** ٢٠٠٤/١٢/٣٠

**ژمارەی بەشداربووان:** (٢٧) ڕێکخراو.

**شوێنی چالاکی:** سلێمانی.

**کاریگەریی:**

- لە ئەنجامی ئەم (Workshop)انەوە ڕێکخراوەکانی بە شێوازی کاری یەکتر ئاشنابوون و ئەزموونەکانیان ئاڵوگۆڕکرد.
- هەندێك لە ڕێکخراوەکان پرۆتۆکۆڵی هاوکارییان مۆرکرد بۆ ئاسانکاریکردن لە ئەنجامدانی پڕۆژە لە ناوچەکانی کارکردنیاندا.
- لە ئەنجامی ئەم (Workshop)انەوە زۆرێك لە ڕێکخراوەکان پڕۆژەی هاوبەشیان ئەنجامدا.

**هەشتەم: کاراترکردنی بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسیدا:**

**بەڕێوەبەر:** (بەختیار حاجی عەبدوڵڵا) .

**وانەبێژان:**

- خانزاد ڕەواندزی.
- تەلار لەتیف.
- ڕوناك فەرەج.
- ڤیان مەجید.
- هەڤاڵ ئەبوبەکر.
- بەکر حەمە صدیق.
- کنێر عەبدوڵڵا.
- بەختیار حاجی عەبدوڵڵا.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٤/٧/١).

**تەواوبوون:** (٢٠٠٤/٨/١٣) .

**ژمارەی بابەت:** (١٥) بابەت.

**ژمارەی بەشداران:** (٣٢) نوێنەر.

**ناوچەی چالاکی:** (ڕانیە).

**پوختە:** وێرکشۆپەکە تایبەت بوو بە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان لە ناوچەی (پشدەر، بتوێن) بە مەبەستی کاراترکردنی بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسیداو بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووییان لە بواری یاسا و دیموکراتیەت و داکۆکیکردن لە مافەکانی خۆیاندا.

**کاریگەریی:**

- وێرکشۆپەکە هاندەرێك بوو بۆ زیاتر گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێوانیاندا لەسەر بابەتە پەیوەستدارەکان بەرێکخراوەکانو ژنان.
- بەشداربووان بە ڕاشکاوانە سوپاسی ناوەندیان کرد، کە سودێکی زۆر باشیان لە وێرکشۆپەکە وەرگرتوەو بۆ یەکەم جارە چالاکییەکی لەم جۆرە بۆ ژنان لە ناوچەکەدا بکرێت.

## نۆیەم: شانۆگەریی(یەکسانی کوڕو کچ):

**بەڕێوەبەر:** (بورهان قەرەداغی) .

**یاریدەدەر:** (جەبار محەمەد) .

**ئەکتەرەکان:**

- دیدەن عوسمان حەسەن.
- سەروەر محەمەد ئەمین.
- ڕابەر عەبدولڕەحمان کەریم.
- شیلان عەبدوڵلا ڕەسوڵ.
- زەیتون کەریم سلێمان.

**یەکەم نمایش:** (٢٠٠٤/١٠/١٦) .

**دوا نمایش:** (٢٠٠٤/١٢/١٦) .

**ژمارەی نمایش:** (١٠٥) .

**ژمارەی بینەر:** (٣٨١٧٣) کەس.

**شوێنی نمایش:** (خوێندنگە سەرەتاییەکانی شاری سلێمانی).

**پوختە:** شانۆگەرییەکە تایبەت بوو بەمافەکانی منداڵو یەکسانی کچو کوڕو جیاوازیی نەکردن لە نێوانیاندا بە تایبەتی لە خێزانو خوێندنگە تێکەڵاوەکاندا، هەروەها شانۆگەرییەکە هاندەر بوو بۆ مامۆستایان تا بە یەك شێوە هەڵسوکەوت لەگەڵ قوتابیانی کچو کوڕدا بکەن، ئەمەش لە میانەی نمایشکردنی دەرەنجامە خراپەکانی جیاکاریی لەسەر دەروونو کەسێتی کچان.

**کاریگەریی:**

- شانۆگەرییەکە کاریگەریی باشی لەسەر منداڵان هەبوو، زۆر لە منداڵان هۆنراوەو هەندێ دەستەواژەی شانۆییەکەیان دەوتەوە.

- کچان له هەندێ له خوێندنگەکان دوای شانۆییەکە بە ڕاشکاوانە باسیان له جیاوازییەکان دەکرد کە بەرانبەریان دەکرێت، هەندێکیشیان بە نامەی تایبەت بۆ ناوەند ئەم دیاردەیان خستۆتە ڕوو.

### دەیەم: ڕاهێنانی ڕێکخراوەکان لەسەر چاودێری هەڵبژاردن:

**بەڕێوەبەر:** (بەختیار حاجی عەبدوڵڵا) .

**ڕێکخەر:** (ئاریان محەمەد عەلی) .

**وانەبێژان:**

- زانا رەئوف.
- هەڤاڵ ئەبوبەکر.
- ئاریان محەمەد عەلی.
- تەها عومەر .
- سەروەرە عەلی جەعفەر.
- تۆفیق عەبدول.

**دەستپێکردن:** (٢٠٠٤/١١/١)

**تەواوبوون:** (٢٠٠٤/١٢/٢٨)

**ژمارەی بابەت:** (٨) بابەت.

**ژمارەی بەشداران:** (٢٥) نوێنەر.

**ناوچەی چالاکی:** هەڵەبجەی شەهید.

**پوختە:**

(ناوەندی ڕۆشنبیریی بەدلیسی) (Workshop)ێکی سەبارەت ڕاهێنانی لاوان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییو خوێندکارییەکان سازکرد لە هەڵەبجەی شەهید.

**کاریگەریی:**

- ڕێکخراوەکان بەهۆی سوودمەندبوونیان لە (Workshop)کە، داوای ئەوەیان کرد کە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا (Workshop)ی هاوشێوەیان بۆ بکرێتەوە.
- خەڵکانی تر لە دەرەوەی ڕێکخراوو لایەنە بەشداربووەکان داوای ئەوەیان کرد کە (Workshop)ی لەو شێوەیە بۆ ئەوانیش بکرێتەوە تا ئەوانیش زانیاریی زیاتریان دەست بکەوێت لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

## یازدەیەم: بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی (نامە):

بڵاوکراوەی (نامە)، بڵاوکراوەیەکە (٢) مانگ جارێك لە لایەن (ناوەند)ەوە بڵاودەکرێتەوەو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چالاکیی رێکخراوەکان دەدات، جگە لەمە هەڵدەستێت بە بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆشنبیریی سەبارەت بە کاری رێکخراوەیی و هۆشیاریی دیموکراسیی و مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنی.

لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٤)دا پێنج ژمارەی لێدەرچووە.

## دوازدەیەم: بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی (نامە)ی دیواریی:

بڵاوکراوەی (نامە)ی دیواریی، بڵاوکراوەیەکە مانگانە لە لایەن (ناوەند)ەوە لە خوێندنگا ئامادەییەکانی شاری سلێمانی بڵاودەکرێتەوە، بە مەبەستی برەودان بە تواناکانی خوێندکاران لە بواری نووسین و خوێندنەوەوە، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی رۆشنبیریی سەبارەت بە هۆشیاریی دیموکراسیی و ئازادییەکان و مافی مرۆڤو کۆمەڵگەی مەدەنی دەدات.

لە ماوەی ساڵی (٢٠٠٤)دا دوو ژمارەی لە مانگەکانی (تشرینی یەکەم)و (کانوونی یەکەم)دا لێدەرچووە.